# دەبێت تێبگەن دەسەڵاتی سیاسی تورک براتان نین!

تایەر حاجی حەسەن



ئایدۆلۆژیای سیاسی ناو دەسەڵاتی سیاسی تورکیا بە چەشنێک داڕێژراوە، بێجگە لە بوونی نەتەوەی تورک دان نانێت بە هیچ چوارچێوەیەکی نەتەوەیی و سیاسی دیکەدا لە ناو بازنەی جوگرافیایی تورکیادا. ئەم سیاسەت و ئەم دەمارگیریە کۆنەپارێزیە دەرئەنجامێکی وای بەخۆوە گرێداوە، تادێت ئەو وڵاتە ڕوو لە قەیرانی زیاتر و هەر ڕۆژش بە چەشنێک دەیەوێت خۆی لەو قەیرانە سیاسی و ئابوری و ئەخلاقیە ڕزگار بکات، بەڵام بەپێچەوانەوە تا دێت بارودۆخەکانیان ڕوو لە ئاڵۆزی زیاتر دەکات.

ئەمڕۆ دەسەڵاتی سیاسی تورکیا بە چەشنێک تووشی هیستیریای سیاسی بوە کە چیتر ناتوانێت خۆی لەو قەیرانە ڕزگار بکات. بۆیە وای نیشان دەدات کە کێشەی سیاسی ئەوان و قەیرانەکانیان هۆکاری پارتی کرێکارانی کوردستانە. ئەم جارە بەلەشکرکێشی زەبەلاح و بە خۆئامادە کردن بۆ چونە نیو جەنگێکی شەرمەزار ئاسا، دەیەوێت ئامانجە شارەوەکانی بەدەست بهێنێت. دیارە ئامانجێک وای لە دەسەڵاتی سیاسی تورکیا کردوە پەتی تەحەمولی بپچڕێنێت، بەرژەوەندیە ئابوریەکانیتی، لەگەڵ خۆ نیشاندانێک دەیەوێت بڵێت منیش هێشتا زلهێزێکی ناوچەکەم و کوڕی دێرینەی ئەو ئیمپراتۆرەم کە/ مێژویەکی قێزەونی بە دوای خۆیدا بەجێهێشت. بۆیە ئەمڕۆ بە خوێندنەوەیەکی قوڵترەوە دەخوازێت تەواوی دەسەڵاتی سیاسی ئەمریکا و ناوچەکە و ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بێن بەدەنگ بارگرژیەکەیەوە و دانیشتنی لەگەڵدا بکەن.

ئەوەی گرنگە ئەمڕۆ بۆ خەلکی کورد بە هوشیاریەکی واقیعبینانەوە خۆی بۆ ئەم بارگرژیە ئامادە بکات، پێویست بونێکی گرنگە کە ئەم نەتەوەیە تائێستا وەک کارتێکی بەرژەوەندخوازی خوێندنەوەی بۆ دەکرێت لە ناوچەکەدا. چ لەلای سیاسەتی ئەمریکاوە بێت یاخود لەلای وڵاتانی ناوچەکەوە. ئێستا زۆرێک لە ڕۆشنبیران و سیاسەتمەدارانی کورد بە جۆرێک خوازیاری ئەوەن کە ئەمریکا حیسابێکیان بۆ بکات و هەرچۆنێک بێت بەرژەوەندیە سیاسیەکانیان بپارێزێت. بەڵام ئەوەی کەمێک شارەزای ناو دنیای سیاسەت بێت و بەرژەوەندیەکانی وڵاتانی زلهێزوداگیرکار بناسێت، بەئاسانی تێدەگات کە خودی ئەو وڵاتانە هەموو ئامانجێکیان گەشتنیانە بە ئەو ئامانجەی شوێنی کەوتوون، ئیتر ئامانجەکانیان ڕوە ئابوریەکان بێت یاخود هەرچ ئامانجێکی دیەکەبێت. ئێستا گرنگایەتی تورکیا بۆ بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا زۆرزیاترە لەو بەژەوەندیانەی ئەمریکا لە کوردەوە دەستی دەکەوێت. ئەمڕۆ دەسەڵاتی سیاسی ئەمریکا، لە نێو ململانێیەکی سیاسی قورسدایە لەگەڵ ڕژێمی ئیسلامی ئێراندا. تا ئەم دەرفەتە بۆ ئەمریکا گرنگە کە عێراق وەک وڵاتێکی سەقامگیر و خۆ لەسەرپێو ڕاوەستاو هەبێت. بەڵام ئەمە تائێستا بوونی نیە، بۆیە دێت بەهەرچ نرخێک بۆی بکرێت بەرژەوەندیە سیاسیەکانی کوردستانی عێراق دەپارێزێت تا ئەو کاتەی ئامانجە گرنگەکانی خۆی یەک لای دەکاتەوە لەگەڵ هێز و گروپە سیاسیەکانی ناو عێراقدا.

لە گۆشەیەکی دی نێو ئەم بارودۆخە قەیراناویەدا ئاستی هوشیاری دەسەڵاتی سیاسی کوردستانە چۆن دێت مامەڵە لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا دەکات. ئەم بەشە نایەوێت خۆی بخزێنێتە نێو ئەو قەیرانەوە و دەیەوێت بڵێت من دەتوانم بەرژەوەندیە ئابوریەکانی تورکیا بپارێزم لە ناوچەکەدا، ئێمە هەموو برای یەکین و باشتر وایە بە ئاشتیانە چارەسەری کێشەکان بکرێت، بەڵام دەسەڵاتی عەسکەر و سیاسی دەوڵەتی تورک چاویان لەو برە

بەرژەوەندیە کەمە نیە دەستیان دەکەویت، ئەوان ئانجێکی زۆر دورتر و گەورەتریان پێویستە، دەخوازن لە ئەمریکا بۆیان جێبەجێ بکات. چ لە عێراقدا وەک خەونەکۆنەکانیان، یاخود حیساب بۆکردنێکی نێو دەوڵەتیان پێبسپێردرێت لە کێشمەکێشە ناوچەییەکاندا.

بەڵام ئەوە دەسەڵاتی سیاسی تورکیایە بە زۆر دەتخاتە ژێر کاریگەریە سیاسیەکانی خۆی و واشت لێدەکات هەستی بەجێبەجێ کردنی مەرامەکانی. دواتر هەر خودی ئەم دەسەڵاتە سیاسیەی تورکیایە نایەوێت تۆ وەک برای خۆی سەیر بکات. ئەو کاتێک تۆ وەک برای خۆی سەیر دەکات کە ببیت بەتورک، نەک بە کارکردن لە گەڵیشیدا. چونکە ئەو باش دەزانێت ئەمڕۆ نەتەوەیەکی کورد و جیاوازتر لەتورک هەیە لەناو جوگرافیایەکدا کە بۆی دیاری کراوە. بەپێی ئەو هەواڵانەی ڕۆژنامەی ئاوێنە ئەمڕۆ بڵاویان کردۆتەوە، ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگر خۆی نیشاندەدات، ئەویش بانگ نەکردنی بەڕێز (جەلال تاڵەبان)ی سەرۆک کۆماری عێراق بۆ ئەو کۆبوونەوە گرنگ و چارەنوسسازەیە کە ئایندەی ناوچەکەی تێدا تاوتێ دەکرێت. بەکەم سەیر کردنی ئەو کەسایەتیە کوردانە لەلایەن دەسەڵاتی سیاسی تورکیاوە، کاری هەر ئەمڕۆیان نەبووە. ئەوان لە مێژووی خۆیاندا بەرەنگاری هەرچ دەنگێکی ئازادی خوازیش بونەتەوە کە دانیان بەبوونی کوردانابێت،ئیسماعیل بێشکچی کە یەکێکە لەو نوسەرە ئازادیخوازانە بێترس و بێسڵەمینەوە لەو دەسەڵاتە فاشیستیە، توانی بۆ دەیان جار خۆی و ئینسانی بوونەکەی بۆ حەقانیەتێک تەرخان بکات کە مەوجودە و دەنگی ڕەوای نەتەوەیەک دەگەیەنێت کە چۆن دەچەوسێنرێتەوە لەلایەن دەسەڵاتێکەوە بەزۆر دەیەوێت ئەو نەتەوەیە بیسڕێتەوە. دیارە دەنگی ئازادیخوازانی ناوتورکیا بەو ئەندازەیە دیار نیە بەڵام دڵنیام لەوەی چینێک و توێژێک هەن لە تورک خوازیاری ئازادیەکی گشتین بۆ هەموو نەتەوەکان، بەڵام ئەو دەنگە ئەمڕۆ زۆرلاوازە. ئورهان پاموک ئەو نووسەرە بەڕێزەی واقعیەتی جینۆساید کردنی ئەرمەنەکان نیشان دەدات،بەڵام لە سزای دەوڵەتی تورکیش سڵ ناکاتەوە. ئیتر من تێناگەم ئەم دەسەڵاتدارە سیاسیانەی کورد بۆ ئاوا هەمیشە خۆیان بچوک دەکەنەوە لە بەردەم دەسەڵاتدارانی ناوچەکەدا. ئەگەر بەڕاستی ئەم دەسەڵاتدارانە خەمخۆری خەڵکی کوردستان بونایە و بیانویستایە ئەو کۆمەڵگەیە بگەیەننەوە بە بەهای خۆبەکۆمەڵگا بوون، دەکرا ئێستا بە شێوازێکی دیکە مامەڵەیان لەگەڵ وڵاتانی چواردەوردا بکردایە نەک هەردەم چۆکیان بۆ دابدەن و هەرچیەکیان گووت بە گوییان بکەن. تا ئێستا دەیان جار کەسایەتی بەرهەڵسکاری ئەو ڕژێمە دڕندانەیان تەسلیم بەو دەوڵەتانە کردۆتەوە، باشە ئەگەر بەم کارە هەڵنەستن و ئەو داخوازیانە جێبەجێ نەکەن بۆیان، ئەوان بەم شێوەیە بە بچوککردنەوە سەیرتان دەکەن؟

ئێستا دەڵێن بارەگای پارتی چەپی سەربەخۆ داخراوە لەلایەن ئاسایشی هەولێرەوە، ئەم کارە بۆ بەو ئامادەباشیە و بەوو زوویە؟ ئەمە تاکتیکە یان چونە ژێرباری داخوازیەکانی دەوڵەتی تورکیایە؟ ئاخر ئیتر ئەو دەسەڵاتدارانە چۆن بەکارتان ناهێنن. سبەی دەبێت تۆی دەسەڵاتداریش بەدەستی خۆت دەسەڵاتەکەت لە نێو ببەیت. ئەوان هەرئاوا لێتان خۆشنابن، چونکی باشدەزانن ئێوە پێداگیریەکانتان بۆ ئامانجی تەنها خۆتانە و بەس، نەک بۆ بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کوردستان. ئەوە حکومەتە ئیسلامیەقەومیەکەی مالیکی یە بەو بێڕێزیەوە دێت پارتێکی سیاسی بە تیرۆرست دەناسێنێت. ئاخۆ دەبێت ڕۆژێک بە ئێوەش هەمان ڕستە نەڵێت؟ ئەرێ تیرۆر کێبەرهەمی دێنیت بە غەیری کۆمەڵگای نادادپەروەر و ڕەگەز پەرست نەبێت؟

ڕاستیەکان زۆر بە قێزەونی ئاوەژوو دەکرێنەوە و مێژووش تالەسەر دەستی بەرژەوەندیەکانی دەسەڵاتداران بنووسرێتەوە هێندەی تر ژیان بەرەومالۆیرانی خۆی پەلکێش دەکات!!!!!!!!

2007/11/03

هۆڵاندا